# هۆڵی دادگا و کێشەکە زۆر گـــــەورەترە!

## لە پەراوێزی دادگایی کردنەکەی (ئاسۆس هەردی) و (توانا عوسمان) دا


تــاهیـــر حــەســەن

tahirhassan1@yahoo.com


ڕۆژی 2 /5 /2006 دادگای حکومەتەکەی یەکێتی لەشاری سلێمانی، بڕیاری شەش مانگ زینـدانی وبـڕی (75) هـەزار دینـار غـەرامـەی لەگـەڵ ڕاگـرتنی جێبەجێکردندا، دا بەسەر (ئاسۆس هەردی) سەرنووسەری پێشووی هەفتەنامەی هاوولاتی و (توانا عوسمان) سەرنووسەری ئێستای هـەمان هەفتەنامـەدا. لایـەنی شکاتکەر لەم قەزیەیەدا (عومەر فەتاح) سەرەك وەزیرانی حکومەتەکەی یەکێتیە!!. کورتەی قەزیەکە ئەوەیە کە چەند هێڵێکی تەلـەفۆن لەشـاری سـلێمانی پـارە قەرزار بوون و نەیانداوە، فەرمانگەی (کوردتێل) یش وەکو سادەترین ئیجرائات، خەتی تەلەفۆنەکەنیان بڕیووە. دواتر دەرکەوتووە کـە یـەکێك لـەو هێلانـە مـاڵی سەرەك وەزیرانە!. وەزیری گەیاندنیش ئەو دووکارمەندەی کوردتێل، کە ئەرکەکەیان جێبـەجێ کـردووە لـەکارەکانیان دەرکـردووە!. هەفتەنامـەی هـاوولاتیش ئـەو تاوانە گەورەیەی کـردووە، کـە ئـەم هەواڵـەی بـلاو کردۆتـەوەو لـەبری وەزیـری گەیانـدن نووسـیوویەتی سـەرەك وەزیـران بڕیـاری فەسـڵکردنی دوو کارمـەندەکـەی دەرکردووە!.

### ڕواڵەتی مەسەلەکە :

دەسەلاتەکەی یەکێتی و دادگا و دادوەری قەزیەکە تا دەگات بە هەڕەشەکەرانی نێو(کوردستانی نوێ)، هەموو هەوڵدەدەن کێشمەکێشە زینـدووە کۆمەلایـەتیـە سەرەکیەکانی پشتی مەسەلەکە بشارنەوەو قەزیەکـە بکەنـە مەسـەلەیەکی ڕووتـی قـانوونی و لـە چـواردیواری دادگـای سـلێمانیدا بینێـژن!.لـەوەش سـاویلکانەو مندالانەتر ئەوەیە، تەگبیرکەرەکەی سەرەك وەزیران (جمال عبداللە) هەوڵ دەدات عـەبای مـەدەنیـەت بـدات بەشـانی دەسـەلاتەکەیاندا بـەوەی کـە گوایـە سـەرەك وەزیران ڕێگای قانوونی هەلبژاردووەو کەلکی لە ڕێگای تر وەرنەگرتووە!.

ئەم هەولانە بۆ ڕووسپی کردنی دەسەلاتەکەی یەکێتی و نیشاندانی کوردستان وەك کۆمەڵگەیەك، کە لەسایەی دەسەلاتی یەکێتی و پارتیدا هەموو شتێك لـە جێگەی خۆیەتی و حکومەت و قانوون هەیە، ناتوانێت منداڵێکیش قانع بکات!.(دەسەلاتی ڕاووڕووت و دزی و فەسادی و ڕەشوەخۆری و سـەرکوت و حکومـەتی هەر بێنەو حکومەتی فیرعەونەکان و...) ناوێکە خـەڵکی کوردسـتان خۆیـان لـە دەسـەلاتەکەی یـەکێتی و پارتیـان نـاوەو بەرهـەمی ئـەزموونی 15سـاڵ ژیـانی پڕکوێرەوەریانە لەگەڵ ئەو دەسەلاتەدا. ناو و ناوبانگێکی ئاوها جوان، کوا پێویست بەوە دەکات کەسێك بێت و بیزڕێنێ؟!. شوێنی نەزڕاوی کوا تا بزڕێنرێ؟!

بەلام وەرن با پێکەوە بەبێ ئەوەی وەك (جمال عبداللە) ویژدانمان بە بەرژەوەندیەك بفرۆشین، تەنانەت قەیدی نیە چاویـشمان لـەوەش بپۆشـین کـە (قانوونـەکانی دادگای سلێمانی هێشتا قانوونەکانی ڕژێمی بەعسە) و بۆ تەنیا ساتێك خۆمان بە باوەڕەکەی ئەو بگەیەنین، کە مەسـەلەکە بـە تـەواوی قانوونیـەو دەبـێ قـانوون سەروەر بێت ومافی مافخوراوان بۆ خاوەنەکانیان بگێڕێتەوە!.

باشە سەرۆکی حکومەتەکەی یەکێتی و وەزیر و دەستوپێوەندەکانی وەك جەمال عبداللە لە هەولێرو سلێمانی، ئەو هەمـوو سـەروەت و زەوی و زارو کۆشـك و تەلارو کۆمپانیاو بەنزینخانانەیان لەکوێ و بەچ قانوونێك و لە داهاتی کامـە کۆمپانیـای پیـشەسازیان دەسـت کـەوتووە؟!. کۆمپانیـای (جەنـەراڵ مۆتـۆرز) یـان (مایکرۆسۆفت) یان (پترۆلیۆم)یان هەیە وا قازانجەکەی ئەوەندە سـەر سـوڕهێنەرە؟!. بـەچ قانوونێـك دەسـتیان گرتـووە بەسـەر سـەروەت و سـامانی کۆمەڵگـەداو خەلکیشیان لە گرانی و بێکاری و بێ ئاوی و بێ کارەباییدا ڕاگرتووە؟!. ئاخر (جۆرج بووش) ی سەرۆکی ئەمریکا مانگی 33 هەزار دۆلار معاشـەکەیەتی، کـێ دەتوانێ بلێ ئەمیر ئەرسەلانەکانی کوردستان مانگانە چەند دەدەن بە ڕابواردن و لەسەر پاروی دەمی خـەڵك چـەند دەخـەنـە لاوە؟!. لـە وولاتـانی سـەرمایەداری ڕۆژئاوا هەرکەسێك سەرمایەدارێکی گەورە نەبێت شانسی ئەوەی نیە خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی وولات کاندید بکات، بەلام لە کوردستان بەپێچەوانەوەیە. بەزەبری تفەنگ و تەقوتۆق دەچنە سەر کورسی دەسەلات وئینجا دەست دەکەن بە پارە پەیداکردن!. کافیە کەسێك چەند مانگێك لە جێگاکەی جمال عبداللە بێت و دواتـر ببێت بە ملیۆنێر !. کاتێك خەڵکیش دەڵـێ ئـەو سـەروەتەت لـە کـوێ بـوو؟!چۆن پـەیـدات کـرد؟! کـوا دەفتـەری حـساباتەکانتان کـە بـەناوی خەڵکـەوە پارەتـان وەرگرتووە؟!. ئینجا مەسەلەی قانوونی و ئەگەریش فرسەت بوو ڕفاندن و هەڕەشەو چاوسورکردنەوە دەهێننە ئاراوە!!.

ئەگەر قەراربێت باسەکە قانوون بێت، خۆ ناکرێ بۆ هەڵەیەکی ڕۆژنامەوانی دادگا هەبێت و بۆ ئەوانەی تر نەبێت!.

باشە بەچ قانوونێك تەقەیان لە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی هەڵەبجەو کەلار و کفری و سلێمانی و هەولێر کردو کوژراو و برینـداریان لێخستن؟!. بـەچ قانوونێـك شەوانە دەیاندا بەسەرماڵەکانی کەلارو هەلەبجەداو دەیان کەسیان ڕاپێچی زیندانەکان کرد ؟!.دایك و کۆرپەی دوو ساڵە لە باوەشی دایکیدا زینـدانی دەکـەن و لـەم لایشەوە جمال عبداللە فەزڵ فرۆشی ئەوە بەسەر (ئاسۆس وتوانا) دا دەکـات، کـە وەك بەعـسیان نـەکردووە لەسـەر قـسەکانیان گوێیـان بـسمن و زمانیـان بـبڕن وناوچەوانیان داخ بکەن!!.

### جەوهەری مەسەلەکە :

هاتوهاواری دەسەلاتداران بۆ بەقانوونی نیشاندانی کێشەکەو خەستکردنەوەی لە چەند بەنـدێکی قانوونیـدا، هـەولێکی سـەر لـێ تێکـدەری دەسـەلاتدارانە بـۆ شاردنەوەی کێشە سیاسی و کۆمەلایەتیە گەرمەکانی کۆمەڵگەی کوردستان. بەلام ئەم هەوڵە بێ ئاکام و ئاسنی سارد کوتانەو ناتوانێت بـۆ کـەمترین مـاوە ئـەو کێشانە لەسەر سەری دەسەلات دوور بخاتەوە.

گۆڕەپانی دادگا و کێشەکە زۆر لەوە گەورەترە کە بکرێ بخزێنرێتە نێو چوار دیوارێکەوە. گۆڕەپانی دادگا پانتایی کۆمەڵگـەی کوردسـتانە. لەبەشـی سـەرەوەی دادگا دەسەلاتدارانی یەکێتی و پارتی و تفەنگچیەکانیان بەدەوریانەوە وەستاون و لەبەشـی خـوارەوەش خـەڵکی سـلێمانی وکـەلار و کفـری و هەڵەبجـەو پـشدەرو چەمچەماڵ و کۆیەو هەولێرودیانەو سۆران و بادینان، لاوان و ژنان و کرێکـاران و خوێنـدکاران ومامۆستیان هـەموویان بەڕوویـەکی گـرژ و تـووڕەوە ڕاوەسـتاون. خواستێك کە ئەو خەڵکەی بەشی خوارەوەی دادگا هەیانە لە هیچ ڕۆژنامەیەکدا جێگای نابێتەوە. نارەزایەتی و نارەحەتی و شێوەی بەیانکردنێك کە ئەو خەڵکەی بەشی خوارەوەی دادگا هەیانەو دەیلێن، هێشتا هەفتەنامەی هاوولاتی نەیدرکاندووە. چەندین جار تفەنگچیەکانی بەشی سەرەوەی دادگـا تەقـە لەبەشـی خـوارەوە دەکەن و تاك و تەرایان لێ دەخەنە باوەشی دایکان و باوکانیانەوە، بەلام ئەو خەڵکە هەر ڕوو گرژتر دەبن و ناچنەوە بۆ ماڵەوە.

(نێچیرڤان بارزانی) لە ئاهەنگی زەواجی سیاسی خۆیان و یەکێتیدا ووتی :(گەندەلی دەسەلاتی کوردی لە کوردستان بۆ ئێمەی حکومەت وخـەڵکی کوردسـتان مایەی شـەرمەزاریە!!). ئـاخر بـە ڕاسـتی بـێ ویـژدانیش بـەو دەرەجەیـە. ئـەو خـەڵکی کوردسـتانەی کـە کـاك نێـچیرڤان لـە شـەرمەزاربوونی دەسـەلاتەکەیاندا بەسەغاوەتەوە شەریکیان دەکات. چەندین ساڵە لە دژی گەندەلی و ڕاووڕووتی دەسەلاتەکەی ئەوان تێدەکۆشن و ئەو دەسـەلاتە گەندەڵـەی، کـە نێـچیرڤان دان بـە شەرمەزاربوونیدا دەنێت، تەقەیان لێ دەکەن، لێیان زیندانی دەکەن، لێیان دەکوژن. من نەمدیووە خەڵکی بە تەواوی جەستـەیانەوە دژی دیاردەیـەك بـن و بـەدژی

گوولله‌ی ده‌سه‌ڵاتدا بچنه‌وه بۆ گۆڕینی، که‌چی به بوونی دیارده‌که شه‌رمه‌زار بن!. ئه‌و شه‌هامه‌ته ته‌نیا نێوچاوانی ده‌سه‌ڵات ده‌گرێته‌وه‌و به‌شی خه‌ڵكی پێوه نیه. ئه‌گه‌ر قانوون له‌و مه‌مله‌كه‌ته‌دا ببوایه، ده‌بوو ئه‌و ئیعتیرافه‌ی نێچیرڤان كافی بێت بۆ ده‌ست له كاركێشانه‌وه‌ی ئه‌و شته‌ی كه ناویان ناوه حكومه‌ت!!.

كێشمه‌كێش و ده‌عوا له‌ده‌ره‌وه‌ی دیواره‌كانی دادگایه. به‌ند به به‌ندی باش وخراپ، كۆنه‌په‌رستانه‌و پێشكه‌وتووانه‌ی قانوونه‌كانی ووڵاتانی دنیا، پێناسه‌ی كاتی باڵانسی هێزی نێوان خه‌ڵك و ده‌سه‌ڵاته‌كانی دنیایه له‌و برگه دیاریكراوه‌ی مێژووی هه‌ر كۆمه‌ڵگه‌یه‌كداو بۆ یه‌ك چركه‌ش ئه‌و كێشمه‌كێشه ناوه‌ستێ. ئه‌گه‌ر له ووڵاتێكدا مافی ئینسان و ئازادیه سیاسی و مه‌ده‌نیه‌كان له ئینسانیه‌ته‌وه نزیك بێت، ئه‌وه به‌رهه‌می خه‌باتێكی غه‌یره قانوونیه، كه له‌ده‌ره‌وه‌ی قانوونه‌كانی ئه‌و ووڵاته‌وه به‌ڕێوه براوه‌و هه‌موو ڕۆژێك ده‌سه‌ڵات له ژێر هه‌زارو یه‌ك به‌هانه‌دا ده‌یه‌وێ وه‌ریبگرێته‌وه‌و خه‌ڵكیش ناهێڵن و تێده‌كۆشن فراوانتری بكه‌نه‌وه. ئه‌مه مێژووی هه‌ر كۆمه‌ڵگه‌یه‌كه.

پێناسه‌كردنی دادگایكردن وحوكمدانی (ئاسۆس هه‌ردی) و(توانا عوسمان) به‌وه‌ی كه له‌بری وه‌زیری گه‌یاندن، سه‌ره‌ك وه‌زیرانی نووسیووه، منداڵانه‌یه!. ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌ی نه‌كردایه چی؟!.كێشه گه‌رم وهه‌ڵواسراوه‌كانی كۆمه‌ڵگه وخه‌ڵك ده‌مردن؟!.خۆ ده‌كرێ ده‌یان هه‌ڵه‌ی وه‌ها له چاپ بكه‌وێت و ڕۆژی دواتر چاك بكرێته‌وه.

بۆیه ئه‌م دۆسیه‌یه گه‌وره‌تره، دادگایی كردنی كه‌مالی سه‌ید قادر و فه‌سڵكردنی مامۆستایه‌كی زانكۆ له‌سه‌ر قسه‌ووتن به تاڵه‌بانی و ته‌قه له خوێندكارانی زانكۆی سلێمانی و هه‌ولێر، ته‌قه‌كردن له خه‌ڵكی هه‌ڵه‌بجه‌و كه‌لار، خۆپیشاندانی خه‌ڵكی ڕانیه‌و ده‌ۆك و زاخۆ، هاتنه‌مه‌یدانی لاوان و مامۆستایانی سلێمانی، میلیتاریزه‌كردنی شارۆچكه‌ی قه‌ڵادزی له ساڵیادی بۆردومانی ئه‌و شاره‌دا، هاتنه‌مه‌یدانی كه‌سوكاری قوربانیانی ئه‌نفال و كیمیابارانی هه‌ڵه‌بجه، ڕفاندنی (به‌شدار عه‌لی) له‌هه‌ولێر و ته‌قه‌كردن له (جه‌بار سۆفی ) له دیانه، ده‌ستگیركردنی (زمناكۆ عه‌زیز) و(حه‌وێز حه‌وێزی) تا ده‌گات به (ئاسۆس هه‌ردی) و (توانا عوسمان) گۆشه گۆشه‌ی یه‌ك تابلۆی سیاسی و كۆمه‌ڵایه‌تین، كه كۆمه‌ڵگه‌ی كوردستان چووه‌ته نێوی. هه‌موو ئه‌مانه گۆشه جۆراو جۆره‌كانی ده‌وره‌یه‌كی نوێن له خه‌بات و تێكۆشانی خه‌ڵكی كوردستان بۆ ئاینده‌یه‌كی باشتر. سه‌ركه‌وتن له‌م ڕێگایه‌دا له گره‌وی یه‌كگرتووكردن و یه‌ك ڕیزكردنی خه‌ڵكی به‌شی خواره‌وه‌ی دادگاكه‌دایه.

به داخه‌وه خه‌ڵكی كوردستان تا ئێستا به ئه‌ندازه‌ی پێویست به‌رامبه‌ر به هه‌ڵخستنی ئه‌مجۆره سناریۆ گاڵته‌جاڕانه‌یه‌ی دادگا هه‌ستیار نین. ئێمه نابێ بهێڵین هیچ (ئاسۆس) و( توانا) یه‌ك ده‌ستگیر بكرێت. به‌پێی ئه‌زموونی تا ئێستام شكم هه‌یه له‌وه‌ی كه هیچیان ئه‌م قسانه‌ی من به هه‌ر ده‌لیلێك له بڵاوكراوه‌كانیانه‌وه بڵاو بكه‌نه‌وه، به‌ڵام نابێ بهێڵین ئاسۆسه‌كان و تواناكان و زمناكۆكان و حه‌وێز حه‌وێزیه‌كان وبه‌شداره‌كان ده‌ستگیر بكرێن، چونكه تۆڕێك كه ده‌سه‌ڵات له‌م ڕێگایه‌وه ده‌یه‌وێ بۆ زیندانیكردن بینێته‌وه، له‌وان گه‌وره‌تره.ئه‌وان ده‌یانه‌وێ له‌م ڕێگایه‌وه ئازادی بخه‌نه نێو تۆڕی زیندان، خه‌ڵكی ناڕازی بخه‌نه نێو تۆڕی زیندان، هه‌ر بۆیه ئازاد كردنی ئه‌وانیش و به‌رگرتن به دووباره نه‌بوونه‌وه‌ی ئه‌م سیناریۆ گاڵته‌جاڕانه‌یه، كۆسپه‌كانی سه‌ر ڕێگای گێڕانه‌وه‌ی كۆمه‌ڵگه بۆ ده‌ستی خاوه‌نه ئه‌سڵیه‌كانی لا ده‌بات. نابێ بهێڵین دز خاوه‌ن ماڵ بگرێت. ده‌بێ بڕیاری دادگا كارتۆنیه‌كه‌ی سلێمانی ده‌ست به‌جێ هه‌ڵبوه‌شێته‌وه و وێڕای داوای لێبووردنی ڕه‌سمی له ئاسۆس هه‌ردی و توانا عوسمان و هه‌ر دوو كارمه‌نده‌كه‌ی كوردتێل، قه‌ره‌بووی زه‌ره‌روزیانیشیان بۆ بكرێته‌وه‌و بگه‌ڕێنه‌وه سه‌ر كاره‌كانیان.

ئه‌گه‌ر بهێڵین ده‌سه‌ڵاتداران له‌م په‌نجه‌رانه‌وه بۆ سه‌ربڕینی ئازادی وپشتگوێ خستنی خواسته ڕه‌واكانی خه‌ڵكی كوردستان بێته ژووره‌وه، جه‌مال و هاو پیشه‌كانی گوێ و زمان و نێو چاوانی خه‌ڵكی كوردستان ده‌سمن و ده‌بڕن و داخ ده‌كه‌ن. ئه‌مه ئه‌ركی هه‌موو ئینسانێكی ئازادیخوازه، كه دڵی بۆ ئازادی و یه‌كسانی و خۆشگوزه‌رانی و عه‌داله‌تی كۆمه‌ڵایه‌تی و ئابووری خه‌ڵكی كوردستان لێ ده‌دات وله ده‌سه‌ڵاتی تاڵانچیانی كوردستان ناڕازی و بێزاره. ئێمه له ڕیزی پێشه‌وه‌ی به‌شی خواره‌وه‌ی دادگا وه‌ك هه‌میشه ڕاوه‌ستاوین.